# پێشنیارێك بۆ بەدواداچوون

## پێویستە قەڵەمەکانی شەڕی ناوخۆ ناسنامەی ڕۆژنامەنوسانیان لێبسەنرێتەوە

### نەوزاد عەلی

گۆڤاری لڤین لە دواهەمین ژمارەیدا ناوی ئەو قەڵەمانەی بڵاوکردەوە کەلە شەڕی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لەماوەی ساڵانی 1994 – 1999 بە نوسین و کارە ڕۆژنامەونانیەکانیان بەشداری شەڕی ناوخۆیان کردوە، ئەم کارەی گۆڤاری لڤین هەنگاوێکی گرنگ و کاریگەرە و دەسخۆشی دەوێت لەو ستافە ڕۆژنامەنوسە ئازایەی کە ئازایانە ئەو ناوانەیان بڵاوکردەوە. هەرچەند بەبڕوای من ڕەنگە هێشتا هەندێك ناومابێت کە دەبوو لەنێو ئەو لیستەدا بونایەو تیایدا نین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین کە زۆربەی زۆری ئەو ناوانەی تێدایە.

لەگەڵ ئەوەی ئەم بابەتە دەبو زوتر قسەی لەسەربکرێت و ئاشکرا بکرێن، بەڵام بڵاوکردنەوە و تۆمارکردنیان و ناساندنیان بەنەوەی نوێ لە ئێستاشدا هەنگاوێکی گەورەیە و نوسینەوەی مێژویەکی پڕ لە شەرمەزاریە بۆ نوسەرەکانی حیزب  کە دەستی باڵایان هەبوە لە خۆشکردن و گەورەکردن و بەردەوامی دان بە شەڕی ناوخۆ.

ئەوەی من دەمەوێ لەم بابەتەدا بیوروژێنم پێشنیارێکە بۆ نوسەران و ڕۆژنامەنوسانی   کوردستان بەمەبەستی کۆکردنەوەی ئیمزا و بۆ سەندنەوەی ناسنامەی ڕۆژنامەنوسی لە هەموو ئەو قەڵەمانەی بەشداری شەڕی ناوخۆیان کردوە، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنوس و نوسەرانی ئازادیخواز و دڵسۆزانی ڕاستەقینەی نەتەوە و نیشتمان لەقەڵەمە شەڕانیەکانی حیزب جیابکرێنەوە.

هەڵبەتە دەزانم کە ئەم پێشنیارە بۆ واقیعی ئەمڕۆی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستاندا کارێکی مەحاڵە، چونکە زۆربەی زۆری ئەندامانی سەندیکا و بگرە بەرپرسەکانی ئەو سەندیکایە ناویان لە لیستی قەڵەمەکانی شەڕدایە. تەنانەت خودی نەقیبی ئەو سەندیکایە کە فەرهاد عەونیە یەکێکە لە قەڵەمەکانی شەڕی ناوخۆ.

لە هەموو دنیادا وایە بۆ ئەو نوسەرانەی لە بڕگەیەکی مێژوییدا تاوانێکی گەورە بەرامبەر بە میللەتەکەیان دەکەوێتە ئەستۆ لە خانەی ڕۆژنامەنوس دەردەکرێن و لەلایەن میللەتەوە متمانەیان لێئەسەنرێتەوە.

کەچی بەداخەوە لە کوردستاندا قەڵەمەکانی شەڕی ناوخۆ دەبنە وەزیر و نەقیبی ڕۆژنامەنوسان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی حیزب و سەرۆکی دەزگا ڕۆشنبیریەکان، هەربۆیەشە مەترسی ئەوە دەکرێت کەلە هەر لەحزەیەکدا حیزب بیەوێت و داوای بکات لەلایەن ئەم قەڵەمانەوە جارێکیتر شەڕی ناوخۆ دوبارە بێتەوە.